کرێکارانی

جیهان یەکگرن !


خاکەلێوەی

١٣٨٩

ئورگانی کومیتەی کوردستانی ڕێکخراوی یەکیەتی فیدائیانی کۆمۆنیست


## لەم ژمارەیەدا ....


شە پۆلی گرتن و لە بەند کردن و تێکهەڵچوونەکانی ناوخۆیی دەسەڵات ل ٣

٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان ڕۆژی خەبات دژی ستەم و چەوساندنەوە ل ٤

یادی بیژەن لە ئیرادەی پرولیتاریا زیندووە ! ل ٦

ڕوبای مرۆڤ لە تەرانەی جان لنون ! ل ٨

بە سەرهاتی مردنیکی میژوویی ل ٩

یادی هاورێ مەزن ، مەسعود ئەحمەدزادە لە ئیرادەی پولائینی پرولیتاریا زیندووە ل ١٢

بە بوونەی ٥٧ دەمین ساڵرۆژی مەرگی هاورێ مەزن ، ژۆزف ئیستالین ل ١٤





کار , خانوو , ئازادی , کۆماری فیدراتیوی شوورایی !



# بەهارتان پیرۆز بێت !

## ساڵی تازە

سەرتایێکی دیکە بۆ خەڵکانی وڵاتی ئێمە :

ئێستا ساڵێکی دیکە دەستی پێ کردووە بە بەهارێکی کراوە لە سینگی سرووشتەوە .هێزی ژیانی لە دەمار و قووڵایی خاک بە دوای زستانێکی رەش . بە هەموو رەنگاورەنگی خۆی نیشان دەدات . بەهارێکی دیکە لە وڵاتی ئاوات و ئارەزووەکان سەری هەڵداوەتەوە و بە سەر هەر بەرد و چیایێک خۆی دەنوێنێ تاکو ژیان بروێنێ . زەوی برازینێتەوە و بالای بەرزی ئارەزووەکانی سەرکوت کراو لە تێپەرینی ئاوەرزەکان ئاوینەیێک بێت , هەرچەند خێرا , بەڵام پروێنە و شکۆدار . بەهارێکی دیکە لە وڵاتی ئێمە و بۆ خەڵکی ئێمە , داوینی خۆی کردوتەوە . بەڵام لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی جەهەنەمی حکومەتێکی رزیوتر لە هەر زستانێکی رەش . رزیوی و رەشی ئەو دەگەرێتەوە بۆ قووڵایی سەدەکان و هەزارەکانی رابردوو , و لە هەڵپەرکی بەهاران لە پێکەنین و تماشای منداڵانیش , مەرگی نکبەتی خۆی ئاشکرا دەبینێ . بەڵام بەهار بێ هیچ ترسێک بەسەر بالای بەرزی ئارەزو و ئاواتەکانی خەڵکی وڵاتی ئێمە , سێبەری خۆی دادە خات , گول دەدات و مژدەی ژیانێکی هەتا هەتایی دەبێ .

دەرد و رەنجی پڕ لە تینی زستانەکانی رەشی ژیان لە رووخساری خەڵک لادەبات و خۆی سەرەتایێکی دیکە لە تێکۆشان بۆ گەیشتن بە بەهارانی ژیانی کۆمەڵایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی وڵاتی ئێمە و هەموو خولقێنەرانی ژیان و سامانی کۆمەڵایەتی پەرەئەستینەری مرۆڤایەتی دەبێ .

خەڵکی وڵاتی ئێمە , ساڵێکی دیکە لە ژێر سێبەری رەش و نکبەت باری کۆماری ئیسلامی تێپەر کردن . نەداری و هەژاری , بێ خانوویی و نکبەت , بێکاری و بێ چارەنووسی , ملیونەها کەس لە کرێکاران و کۆمەڵانی خەڵکی بێ بەشی کۆمەڵگای ئێمەی وەک ساڵەکانی رابردووی دەسەڵاتداری رەشی کۆماری ئیسلامی , لە ناو دەستەکانی خۆی هەرچی زۆرتر گۆشی , خەفەخان و سەرکوت بەردەوام بوو . بەڵام تووشی لاوازی بوو و مەجبوور بە پاشەکشە کرا . جووڵانەوەی نارەزایی کرێکاران وەک مانگرتن تاکو خۆپیشاندانی سەر شەقامەکان تاکو بزووتنەوەی نارەزایی خوێندکارانی زانکۆکان کە هەنگاوێکیتر بەرەو پێش هەڵگرتبوو , مژدەی شکستی زستانی رەشی خەفەخان و دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی دەدات خەڵک تێگەیشوون کە چیتر شمشیرەکانی نیشانە گرتوو بەرەو سینگەکانی رۆڵەکانی گەل , تواناى راوەستانیان لە بەرانبەر هێزی ژیان نیە .

ساڵی تازە , سەرەتایێکی دیکەیە بۆ تێک شکاندنی دەزگای ستەم و حکومەتی هەژاری و نکبەت و بێ خانوویی و چارەرەشی . سەرەتایێکە کە پێشرەوانی ئەو دەس پێ کردنی نارەزایەتی کۆمەڵانی خەڵک لە شێوازی نوێ و هێرشی رێکخراوی ئەوان بۆ سەر دام و دەزگاکانی سەرکوت و وەحشیگەریە و نیشانەی کۆتایی هاتنی ئەو ترس و دڵەراوکەیی سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامیە کە بۆ پاراستنی ماڵ و سامانی خۆیان لە هەموو ئامرازەکان کەڵک وەرگرن تاکو هاتنی بەهار سەر هەڵدانی ژیانی نوێ سەرکوت بکەن . بەڵام بەهار بۆ ژیانی نوێ کە لەوێدا نیشانێک لە ستەم و چەوساندنەوە و سەرکوت و هەژاری و نکبەت و ترس و خەفەخان نەبێ , دێت .

بەهارتان , بەهاری سەرکەوتن بە سەر سەرکوت و دیکتاتوری بێت .

## بەهاری زانین

ئەوا هات مانگی خۆشی
خاکەلێوە
نەما سەرما و بووران و کرێوە
پەڵەک رەش کەوتە کوێستانی
وڵاتمان
بەبا و باران و لەنگێزە و شڵیوە
لە کێو و کەژ گیاو و گژ بەبارە
ئێتر دەرچوو مەرومالات لە
لێوە
لە لێوی جۆگەلە مێلاقە ئەورۆ
لە گوین سەربازی سوور وێستا
بەپێوە
نەوەک کاکۆڵی یارم بەڵکە
سونبوڵ

هێمن

# شەپۆلی گرتن و لە بەند کردن و تێکهەڵچوونەکانی ناوخۆیی دەسەڵات








ماشینی سەرکوتی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بە هاوئاهەنگی لە گەڵ وەلی فەقیحی رێژیم دەورێکی تازە لە سەرکوتی نەیارانی رێژیمیان دەس پێکردووە . بە پێچەوانەی هێندی گەمەی دیموکراسی لە لایەن باڵی بنیادگەرای رێژیم ، لە زۆربەی جارەکاندا بریاری کۆتایی لە لایەن سوپای پاسدارانەوە دەدرێ و ئەوان کە بریاری یەکلایەنە دەدەن . بەشێکی گەورە لە هێزەکانی نەیار کە پێشتر لە لایەن سوپای پاسدارانەوە دەسنیشان کراون و زانیاری لە بارەیانەوە کۆکراوەتەوە دەسگیر دەکرن و هێندیکیشیان تەنانەت لە ناو شەقامەکان رفێنراون . ئێستاکە فەرماندەکانی سوپای پاسداران ئەگەری هەر جۆرە راپەرینێکی خەڵکی لە کاتی قەیرانەکانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی رێژیم دەدەن و بۆیە پێش لە رووداوەکە سەرکوتەکان دەس پێدەکەن و شەپۆلی گرتن و لە بەند کردنی نەیاران وەرێ دەخەن .

هەڵبەتە لە مەودای چەند مانگی رابردوودا هەوڵ و تەقەلای فەرماندەکانی سوپا و دەزگاکانی زانیاری ئەوان بۆ سەرکوت و گۆشە گیر کردنی نەیاران بێ ئاکام بووە و بۆیە تێدەکۆشن تاکتیکەکانی تازە بۆ سەرکوت بە کار بهێنن . وەک قەدەغە کردنی هەرجۆرە کۆبوونەوەیێک و ئەگەر رووی دا بە تووندی سەرکوتی بکەن . زۆربەی رۆژنامەکان و سایتەکانی ئینترنێتی سەر بە باڵەکانی نەیاری رێژیم داخراون و خزم و کەسوکاری ئەفرادێک کە پێشتر لە دەسەڵاتدا کاربەدەست بوون دەستگیر دەکرن . باڵی ریفۆرم خواز کە تێگەیشتووە دەسەلات بە تەواوی لە دەس داوە و رێبەرانی ئەم باڵە یەک بە دوای یەک لە لایەن باڵی رەقیبەوە دەسگیر دەکرن ، دەنگی نارەزایی خۆی جاروبار بەرز دەکاتەوە و تازە تێگەیشتووە کە دووپات کردن و یان سەد پات کردنەوەی وەفادار بوونی خۆی بە قانوونی ئەساسی کۆماری ئیسلامی ، وەلایەتی فەقیح و تەواوەتی سیستەمی کۆمرای ئیسلامی موشکلێک لەوان چارەسەر ناکات و لە کۆتایی دا مەجبوور دەبن پەردەکان لابدەن و راستیەکان بۆ خەڵک ئاشکرا بکەن . هێشتا وتنی هێندێک لە راستیەکان لە لایەن باڵی ریفۆرم خواز بەربەست بووەتە تەزویر کردن لە هەڵبژاردنەکان بەو هیوایە کە رێگایێک بۆ ئاشتبوونەوە لە گەڵ باڵی رەقیب بدۆزنەوە . ئەمە لە حاڵێکدایە کە باڵی پاوانخوازی ئوسوڵ گەرا و وەلی فەقیحی رێژیم رێبەرانی باڵی ریفۆرم خواز دەسگیر دەکات و هەلسووراوان و ئەفرادی چالاکی ئەو دەکوژێ و تەرمەکانیان یان بە بێ دەنگی تەحویلی بنەماڵەکانیان دەدات و یان لە گۆرستانەکان دەفنیان دەکات . سەرەرای ئەوەی کە باڵی ریفۆرم خواز بۆ ساڵەهای ساڵ لە سەر دەسەلات بووە و بەشێکی جیانەکراو بووە لە کۆڵەکەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ، بەلام تاکو ئێستا حازر نەبووە قسەیێک سەبارەت بە جنایەتەکانی سێ دەیەی رابردووی ئەم دەسەڵاتە بکات ! ئەم باڵە هێشتا بە دوای جێبەجێ کردنی قانوونی ئەساسی رێژیمی کۆماری ئیسلامیە کە زەبرێکی کاریگەر و ئەساسیی لە بەرژەوەندیەکانی خەلچکی ستەم لێکراو و چەوساوەی ئێرانی وەشاندووە و کۆمەڵانی بێ بەشی ئێران لێی بێزارن و بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی ئەوان لە مەودای سێ دەیەی رابردوو بە پێ ئەم قانوونە دواکەوتووانەیە لە گۆشە و کەناری ئەم وڵاتەدا بە بێرەحمانەترین شێوەی مومکین سەرکوت کراوە .

باڵی ریفۆرم خواز کە ئیستا رووبەرووی سەرکوتی باڵی رەقیب بووەتەوە دەبێ متمانە بە خەڵک بکات و راستیەکان بۆ خەڵک ئاشکرا بکات . دەبێ بەرێوەبەران و جێبوجێکارانی کوشتاری هێزەکانی خەباتگێر و شۆرشگێر بە خەڵک بناسێنێ و سەرکوتگەران موعەرفی بکات ، دەبی سەبارەت بە کوشتارەکانی ساڵی ٦٠ تاکو ٦٧ قسە بکات و هەروەها پەردە لەسەر راستیەکانی عەمەلیاتی تیرۆری رێبەرانی ئۆپۆزیسیون لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات هەڵبگرێ . دەبێ بەرێوەبەرانی ئەسڵی شاردنەوە و کۆکردنەوەی پێداویستیەکانی زەروری خەڵک و تالانی سەروەت و سامانی ئەوان بە خەڵک بناسێنێ و هەروەها هەزاران کردەوەی دژی خەڵکی سەرکردەکانی رێژیمی فاسیدی کۆماری ئیسلامی . ئێستاکە پیویست نیە کەسانێک وەک موحتەشەمی پوور کە خوشکەزای دەسگیر کراوە هاواری یا زەینەبی بەرز بێتەوە . ئەو لە کاتەی وەزیری ناتوخۆ بوو و تازیانە بە دەستەوەی بوو زۆر کەسی بۆ ئینسان کوژی پەروەردە کرد . ئەو یەکێک لە نوورەچاوەکانی رێژیم لە کاروباری وڵاتانی عەربی و ساڵەها سەفیری



# ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژنان رۆژی خەبات دژی ستەم و چەوساندنەوە

ڕێژیم لە ولاتی سووریا بوو . ئەو ڕێکخەری ئەسڵی و دامەزرێنەری سەرەکی حیزبوڵلای لوبنان و پارمەتیدەری دەیان ڕێکخراوی دواکەوتوو و تیرۆریستی تر بووە . ئێستاکە لە بازنەی دەسەلات وەدەر نراوە و خوشکەزاکەی دەسگیر و ڕەوانەی زیندان کراوە و لوتفی ئیسلامی نابی موحەمەدی لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی شمولی حاڵی خزم و کەسوکاری ئەو بووە هاواری یا زەینەبی بەرز بووەتەوە . ئەوان لە مەودای سێ دەیەی ڕابردوودا هیچ کات هاواری ئازادیخوازی دەیان هەزار شۆرشگێر و خەباتگێریان نەدەبیست . ئەوان حازر نین دان بەوەی دابنین کە هەزاران شۆرشگێری ئازادیخواز لە هەمان ئەو سلوولانەی کە ئێستاکە خزم و کەسوکاری ئەوان لەوێدا لە بەند کراون لە ژێر ئەشکنجەکانی ئەوان گیانیان لە دەس داوە . دامەنەی سەرکوت لە بازار و کەسوکاری خومەینی و ڕەوتە لیبراڵەکان تێپەریوە و تەنانەت قورغی بولبولی ڕێژیم و مەداحی بەرەکانی شەری دژی گەلی ئێران و عێراقی ناسراو بە ئاهەنگەرانی گوشیوە . دەنگی نارەزایی ئێستای خەڵکی ئێران بەربەست نابێتە توێژێکی تایبەتی لە ناو کۆمەڵگادا وز یان لایەنگری کردن لە گەرایشێکی فیکری ئەم یان ئەو باڵی حکومەتی . راستی ئەمەیە کە خەڵک لە دەسەلاتی چەوسێنەرانە و ستەمکارانە و جنایەتکارانەی دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی وەزاڵ هاتوون . سەرجەم کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ئێران لە سەرتائیترین مافەکانی ژیان بێ بەشن و ئازادیە دیموکراتیکەکانیانیش لێ زەوت کراوە . مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی و سینفی و هەر چەشنە مافی ئینسانی ئەوان پێشیل کراوە و دەنگی نارەزایی ئەوان بە توندترین شیوەی مومکین وەڵام دەدرێتەوە . ئێستاکە لە بەر پەرەساندنی نارەزایی گشتی و پەرەساندنی ناکۆکیەکانی ناوخۆیی باڵەکان هەر جۆرە پێکهاتن و ڕێککەوتنێک لە نیوان باڵەکان و باڵی بوروکراتیکی ڕێژیم بە ڕێبەرایەتی خامنەیی – ئەحمەدی نەژاد نامومکین لەبەرچاو دێت .

لە هەلومەرجێکی ئاوادا ، بزووتنەوەی نارەزایی خەڵک تەنها لە لە یەک مەسیردا بەرەو پێش دەچی و ئەویش مەسیری رووخاندنی سیستەمی ئابووری – کۆمەڵایەتی حاکیم بە سەر ولاتە لە تەواوەتی ئەودا .

لە ساڵی ١٩١٠ی زائینی بە پێشنیاری کلارا زیتکین ( یەکێک لە مەزنترین ڕێبەرانی بزووتنەوەی کرێکاری ئەلمان ) و بۆ ڕێز دانان لە خەباتی قارەمانانەی ژنانی ئەمریکا ٨ی مارس وەک رۆژی جیهانی ژنان لە خەبات بۆ رزگاری راگەیاندرا و لەم ڕێکەوتە بە دواوە هەموو ژنانی جیهان بە سازدانی خۆپیشاندان , مانگرتن , و میتینگ لە سەرانسەری جیهان و بە هەر شێوەیکی مومکین ڕێز لەم رۆژە شکۆدارە دەگرن و خەباتی خۆیان دژی سیستەمی سەرمایەداری و هەموو پاشماوەکان و ئاسەوارەکانی سیستەمەکانی کۆن و رزیو توونو دەکەنەوە و بەم شێوەیەدا نارەزایەتیەکانی خۆیان دژی بێ مافی نێویک لە کۆمەڵگا وەک یەکێک لە ڕەنگدانەوەکانی روو بە مەرگی جیهانی سەرمایەداری نیشان دەدەن .

مێژووی کۆمەڵگاکانی چینایەتی نیشاندەری ریسوایی هەتا هەتایی بچووک ژمێردنی ژنان لە لایەن چینەکانی دەسەلاتدارە . لە هەمووی ئەم کۆمەڵگایانە ژنان لە بواری جێگا و شوێنی کۆمەلایەتی لە پلەی دووهەم دانراون و وەک مرۆڤێکی لاواز کە تەنیا دەتوانێ پەروەردە کردن و سەرپەرەشتی مندالانی خۆی بە ئەستوو بگرێ , چاوی لێ کراوە . مێژووی کۆمەڵگاکانی چینایەتی ئاوا کە نیشاندەری ئاڵوگۆری شێوەی چەوساندنەوەی مرۆڤەکانە , بە هەمان شێوەیش نیشاندەری فراوان بوونی شێوەکانی بچووک ژمێردن و لە دوا ڕاگرتنی ژنانە . ئەگەر لە کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی ژن وەک مرۆڤێکی بێ مێشک و کۆیلەی هەتا هەتایی پیاو دەژمێردرا , لە کۆمەڵگای سەرمایەداری سەرەرای پەروەردە کردنی هێزی کاری هەرزان بۆ بازاری کاری سەرمایە , خۆیشێ وەک هێزی کاری پاشکەوت چاوی لێ دەکرێت . سیستەمی سەرمایەداری هەموو بچووک ژمێردنەکانی مێژووی کۆمەڵگاکانی چینایەتی لە بچووک ژمێردنی ژن لە گۆرەپانی بەرهەم هێنان و بە دانی حەق دەستی کەمتر و پێک هێنانی نابەرانبەری تەنانەت لە دانی لانی کەمی دەس رەنجی ئەوانیش نیشان دەدات و لە بەرانبەر کاری یەکسان و بەرانبەر لە گەڵ پیاوان , حەق دەستی کەمتر بە ژنان دەدات . ئەگەر تایبەتمەندی ژنان لە کۆمەڵگاکانی پێش لە سەرمایەداری , دیل بوونی ژنان تەنیا لە چوارچێوەی کاری ناو ماڵ و دابەزینی ژن تاکو پلەی بەرهەم هێنەری نەسڵی مرۆڤ بوو , بە گەشە کردنی تەکنیک و پەرەساندنی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان لە کۆمەڵگای بورژوایی , ژنان سەرەرای دیل بوون , هەروا لە هەمان چوارچێوەکانی پێش دا لە بوارەکانی تریش بچووک دەکرن . کار لە خراپترین هەل و مەرجەکان و بە کەمترین رادەی حەق دەس لە کارگە و کارخانەکان تەنیا بەشی ژنان لە پەرەساندنی پەیوەندیەکانی کۆمەلایەتی و پێشکەوتنی کۆمەڵگای بورژوائیە .

هەزاران ساڵ بچووک ژمێردن و ئیهانە و سوکایەتی کردنی بە نیوێک لە مرۆڤەکانی کۆمەڵگا , ئاوا پوتانسیلێکی شۆرشگێرانەی لە ژنان پێک هێناوە کە تەقینەوەی تێگەیشتوانەی ئەو لە ڕەوتی شۆرشێکی کۆمەلایەتی , هێزیکی مەزن بۆ رزگاری لە هەموو نکبەتەکانی سەرچاوە گرتوو لە بێ بەزەئیانەترین شێوەکانی چەوسانەوەی چینایەتی ئازاد دەکات و لە خزمەتی رزگاری هەموو بێ بەشانی کۆمەڵگا دادەنێ . لە سەرەتای گەشەسەندنی سەرمایەداری ژنان و مندالان وەک (( ئەرتشی پاشکەوتی کار )) لە کارخانە و مەزراکان و لە ژێر تازیانەی کاری تاقەت پرۆکێنی شەوانە و رۆژانە و بە توندترین شێوە چەوسێندرانەوە , لە هەمان حاڵدا وەک شمشێری داموکلسێک دەژمێردران کە بورژوازی بۆ توند کردنی ستەم و چەوساندنەوە و زەخت هێنان بە سەر پیاوانی هاوچینی ئەوان بە کاریان دەهێنا . بەڵام بە گەشە سەندنی رۆژ بە دوای رۆژی سەنعەت ( پیشە ) و پەرەساندنی گۆرەپانی بەرهەم هێنان , لە گەڵ هێنانی هەر چی زۆرتری ژنان بە گۆرەپانی بەرهەم هێنان , و لە پاڵ ئەوێدا خەباتی پەرە ئەستێنەری کرێکاران دژی سیستەمی

سەرمایەداری ، بورژوازی مەجبوور کرا تاکو هندێک مافی کۆمەڵایەتی و ئابووری ژنان بە رەسمی بناسێ . ئەگەر چی ئەم مافانە تەنیا بەشێک لە مافەکانی ژنان وەک نیوێک لە حەشیمەتی کۆمەڵگا دەژمێردرێ ، بەڵام لەم چوارچێوەیشدا تەنانەت لە پێشکەوتووترین کۆمەڵگاکانی سەرمایەداری ، وە دیهاتنی هەموو مافەکانی ئەوان هیچ کات لە لایەن بورژوازی دابین نەکراوە . بەڵام لە گەڵ زۆرتر بوونی ڕۆڵی ژنان لە بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتی ، دەرچوونی ئەوان لە سنووری تەسکی کاری ناو ماڵ و کۆ بوونیان لە کارخانەکان ، بووە هۆی ئەوەی کە ژنان هەرچی زۆرتر بە گۆڕەپانی خەبات پەیوەست بن و بە گوشت و پێستی خۆیان هەست بە پێویستی خەبات بۆ رزگاری لە قەید و بەندەکانی سیستەمی نکبەت باری سەرمایەداری بکەن .

بزووتنەوەی ژنان ئەگەرچی لە سەرەتای خەباتی ئەوان زۆرتر بۆ وە دست هێنانی مافەکانی دیموکراتیک بوو ، بەڵام لە گەڵ گەشەسەندی سەرمایەداری و بەشداری راستەوخۆ و بەربڵاوی ژنان لە بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتی ، توند بوونی ستەم و چەوساندنەوە سەرەرای ستەمی پیاو سالاری ، بووە هۆی ئەوەی کە خەباتی ئەوان زۆرتر لەوەی کە لە پێش دا بوو لایەنی چینایەتی بە خۆیەوە بگرێ و کینەی سەرچاوەگرتوو لە حکومەتی بەربەریەت و وەحشیگەری کۆمەڵگای چینایەتی لە گەڵ کینەی چینایەتی لە ژنان پێوەندێکی جیا نەکراو پێکەوە ببەستێ. بێ گۆمان خەباتی ژنان لە تەواوەتی خۆی خەباتێکی دیموکراتیکە ، چۆنکە لە قۆناخی یەکەم دا دەبێ ئەو مافانەی کە هەزاران ساڵ کۆمەڵگای چینایەتی بە فەرهەنگی پیاو سالاری پێشیلیان کردوون ، وە دی بهێنن . بەڵام هەڵەیە هەر کات ئاوا بیر بکەین کە ئەم خەباتە لەم چوارچێوە و تەنیا بەم داخوازیانە دەتوانێ بە ئاکامێکی سەرکەوتووانە بگات و ئامانجەکانی سەرکەوتووانەی لە بەر دەم خۆی دابنێ . لە دەورانی ئیمپریالیزم هەر ئالوگۆڕێکی دیموکراتیک تەنیا لە چوارچێوەی شۆڕشەکانی پرولەتری مانای خۆی دەدۆزێتەوە و لەم روانگەیە دا وە دیهاتنی بە تەواوی مافەکانی کۆمەڵایەتی ژنان جگە لە شۆڕشی پرولەتری مومکین نیە . لە لایێکی دیکەوە سەرکەوتنی حەتمی ئەم شۆڕشانە بە بێ بەشداری چالاکانە و ڕاستەوخۆی ئەم نیوە لە کۆمەڵگا مومکین نیە . بە بێ تێکەڵاو کردنی ئەم خەباتە بۆ لابردنی ستەمی دووقات لە کۆمەڵگای سەرمایەداری ، بە خەبات بۆ لە ناو بردنی ئەم سیستەمە چەوسێنەرانەیە ، هێزی گەورە و پوتانسێلی بە هێزی خەباتی نیوێک لە کۆمەڵگا واتە ژنان بە فێرو دەچێ .

لە ئێرانیش دەسەڵاتی ڕەش و نگریسی کۆماری ئیسلامی بە بەرێوەبردنی یاساکانی دواکەوتووانەی سەدەکانی ناوەراست دژی ژنان هەموو مافە سەرەتائیەکانی ئەوانیان بە تەواوی پێشیل کردووە و ژنان وەک کۆیلەکانی ژووری خەوتن و مەتبەخ ( ئاشپزخانە ) چاویان لێ دەکرێ . ژنان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی مەلاکان بڕیاردەر نین و تەنانەت ناتوانن بە بێ ئیجازەی مێردەکانیان لە ماڵەوە بڕۆنە دەرێ .

ئێستا ئەگەر بڕوانینە وەزعی ژنانی کوردستان ئەو کات بە دیتنی ستەمی سێ قات وەک ستەمی چینایەتی ، نەتەوایەتی ، جینسی ، لە سەر ژنانی کورد تێدەگەین کە چارەیەک بۆ ژنانی ستەم لێکراوی کورد نامێنێتەوە مەگەر ئەوەی کە بۆ وەدیهێنانی مافە ڕەوا پێشێل کراوەکانی خۆیان بە توندترین شێوە دژی یاساکانی دواکەوتووانەی سەدەی ناوەراستی داسەپاو لە لایەن کۆنەپەرەستانی حاکیم بە سەر چارەنووسیان ڕاوەستن . و بە تەواوی لە بزووتنەوەی ڕزگاری خوازانەی گەلی کورد بۆ وەدیهێنانی مافی دیایکردنی چارەنووسی خۆیان بەشداری بکەن .



# یادی بیژەن
# لە ئیرادەی پرولیتاریا زیندووە !



بیژەن خەباتی سیاسی خۆی لە کاتێک دەس پێکرد کە مندالْ بوو , ئەو لە سالْی ١٣١٦ لە شاری تاران لە دایک بوو . ئەو کاتەی کە زیاتر لە ١٠ سالْ تەمەنیْ نەبوو واتە لە سالْی ١٣٢٦ بوو بە ئەندامی رێکخراوی لاوانی حیزبی توودە , لەو سەردەمە مەرجەکانی ئەندام بوون لە رێکخراوی لاوان لانی کەم دەبوایە ١٣ سالْ تەمەنت بوایە . بەلاْم لەو سالْەدا بە هۆی چالاکی و حەز و ئارەزوی فراوان , بۆ چەند لاوی تەمەن کەمتر لە ١٣ سالْ حەوزەێکی تایبەت دامەزرا کە بیژەن یەکێک بوو لە ئەندامانی حەوزەی ناوبراو . کەش و هەوای سالْەکانی بیست بەولاوە , هەل و مەرجەکانی کاتی شەڕ کە بنەمالْەی ئەو بە شێوەێکی دیاریکراو گیرودەی بوو , کۆچ کردنی بە زۆرەملی باوکی ئەو بەرەو یەکیەتی سۆڤیەت بە هۆی هاوکاری کردنی لە گەلْ فرقەی دیموکرات و کەش و هەوای سیاسی بنەمالْەی کە بیژەن لەوێدا گەورە بوو , هەموو ئەو هۆیانە بوون کە تەعسیرێکی حەتمیان هەبوو لە سەر ئاستی زانستی و تێگەیشتنی ئەو .

پاش ئەوەی کە حیزبی توودە لە سالْی ١٣٢٧ قەدەغە کرا , بیژەن چووە ناو یەکەم قۆناغی خەباتی نەهێنی خۆی لە ژیانیدا و ئەمە لە کاتێکدا بوو کە هێشتا زیاتر لە یازدە بەهار لە ژیانی کورتی تێ نەپەری بوو . لەم کاتەدا ئەو بە ناوی پەیوەندی لە نێوان کادیرەکانی نەهێنی حیزب چالاکی ماندوو نەناسانەی دەس پێکرد . سالْەکانی ٢٩ تا ٣٣ تێکۆشان لە رووبەری رێکخراوی خوێندکاران و لاوانی حیزبی دیمۆکراتیش بەم زنجیرە چالاکیانە زیاد کرا .

پاش کودیتای ٢٨ی گەلاوێژ مالْی ئەو و خالوەکانی لە چوار سەد دەزگا کە بە ناوی کلوپی سیاسی بۆ دۆست و دوژمن ناسراو بوو کەوتە بەر هێرشی پۆلیس و بەکرێگیراوانی فاشیست , هیوای بیژەن بە گۆرانی سیاسەتێکی رێک و برندە لە لایەن حیزبی توودە لە بەرانبەر رێژیمی کودیتا بە خێرایی بوو بە ناهۆمیدی و ئەو لە خەباتی خۆی بۆ هەلْسەنگاندنی بەلارێ چوونەکان و هەلْەکانی جیددی حیزبی توودە گەیشتە سنووردانانی سیاسی و ئایدۆلۆژیکی کە دەبوایە دوایی ببێتە هۆی بناغەدانانی بزووتنەوەی نوێی کۆمۆنیستی ئێران .یەکەمین دەسگیر بوونی بیژەن چەند مانگ پاش لە کودیتا بوو , بەلاْم ماوەی گیرانی ئەو بە هۆی تەمەنی کەم و بڕوا نەکردنی دەزگا ئەمنیەتیەکان بە نیسبەت لێهاتوویی خەباتگێرانەی تازە لاوێک لە تەمەنی ئەو ماوەێکی زۆری نەخایاند . چەند مانگ بە دوای گولانی سالْی ١٣٣٣ دیسان لە هێرشێکی بەربلاْو ئەویش دەسگیر کرا . بەلاْم خۆ تێک نەدانی ئەو لە بەرانبەر لێکولێنەر بوو بە هۆی ئەوەی کە ئەمجەدی وەک جەلادی فەرماندارى نیزامی بە مندالْ بوونی ئەو بەزەیی بێت و ئازادی بکات . لە پائیزی سالْی ١٣٣٣ بیژەن سەر لە نۆی دەسگیر کرا و ئەم جارە بە شەش مانگ زیندانی مەحکوم کرا .

ئازاد بوونی ئەو لە بەهاری ١٣٣٤ ریک کەوت بوو لە گەلْ لافاوی پاکانە کردنەوەکانی بەرپرسان و ئەندامانی حیزبی توودە و هەروەها لاوازی و ترسی زۆرینەی رێبەرانی دەسگیر کراوی ئەم حیزبە .

بیژەن ریزی خۆی لەمانە بە تەواوی جیا کردەوە و لە گەلْ هاورێیان حەسەن زیا زەریفی , عەلی ئەکبەر سەفائی فەراهانی , حەمید ئەشرەف , مەشعوف کەلاْنتەری , عەباس سورەکی , محەمەد چوپانزادە و چەند کەسێکیتر لە هاورێیان گروپێکی نەهێنیان دامەزراند , بەشداری چالاکانەی گروپ لە مانگرتنەکانی کرێکاری ( بلورسازی هاشمی , کورەخانەکان ) و نارزایەتیەکانی سینفی خوێندکارانی زانکۆ ئەزموونەکانی پڕ بایەخیان لە بەردەست ئەوان دانا . یەکەمین گۆڤاری گروپ بە شێوەی پولی کوپی لە خاکەلێوەی سالْی ١٣٣٨ بلاْو کرایەوە , بەلاْم بە دەسگیر بوونی یەکیک لە ئەندامانی گروپ و زانینی پۆلیس لە بوونی گۆڤار و لە ئاکامدا ئەگەری ئاشکرا بوونی گروپ چاپی ئەو ڕاوەستا . رۆلی بیژەن چ وەک رێکخەری گروپ و چ وەک داڕێژێنەری شێوازی ئەو بە شێوەیکی تایبەتی زەق بووەوە . لێهاتوویی ئەو لە مەودای دەورانی خوێندن لە بەشی فەلسەفە لە کولێژی ئەدەبیاتی تاران . ئەوی وەک یەکێک لە رێبەرانی بزووتنەوەی خوێندکارانی زانکو ناساند و بەم شێوەیە حەساس بوونی رێژیم و دەزگا ئەمنیەتیەکانی جۆراوجۆر بە نیسبەت بیژەن بە تەواوی هەستی پێ دەکرا . بە دوای چەند دەسگیری سەر ئەنجام بیژەن لە دادگایێکی نیزامی لە پەیوەندی لە گەلْ چالاکیەکانی خوێندکارانی زانکو بە ٩ مانگ زیندانی مەحکووم کرا .بیژەن لە سالْی ١٣٤٢ لە بەشی فەلسەفە وەک خوێندکاری یەکەم لە زانکوی تاران بڕوانامەی خۆی وەرگرت .

لە خاکەلێوەی ١٣٤٢ پاش کۆکردنەوێکی بیروڕا , گروپ وەک رێکخراوێکی سیاسی نیزامی خۆی ناساند و درێژە بە چالاکیەکانی دا .پائیز و زستانی ١٣٤٦ بیژەن لە تێکۆشانێکی بێ وەچان بۆ دابین کردنی پیویستیەکانی تەداروکاتی و نیزامی لە جەریانی ئەم زنجیرە کردەوانە بوو کە بیژەن لە گەلْ هاوریْ سورەکی دەسگیر کرا پۆلیس لە رێگای زانیاریەکانی خۆ فروشێک توانی تا ڕادەێک هەست بە بوونی گروپ بکا . بیژەن کەوتە ژێر وەحشیانەترین ئەشکەنجەکان , دەزگای ئەمنیەتی کە پێشتر بە باشی بیژەنیان لە پەیوەندی

# به‌رز و به‌رێز بێت یادی ١٤٠ه‌مین ساڵرۆژی پێك هێنانی کۆمۆنی پاریس

(( ئـه‌گه‌ر کـۆمۆن سه‌رکـوت بکرێ. له‌م حـاڵه‌دا خـه‌بـاتی کیـنه‌یی ده‌گـوازرێتـه‌وه بۆ کـاتێکی‌تر . ئۆسوڵه‌کـانی کۆمۆن هه‌تـا هه‌تـائیه و زیندون و سه‌رکـوت نـاکرێن. ئـه‌وان به شێوه‌یه‌کی به‌رده‌وام خـۆیـان به‌ره‌و پێش ده‌به‌ن , تا ئه‌و کاته‌ی که چینی کرێکار ڕزگـار بێت. ))

( کـارل مـارکس )

یه‌که‌مین حکومه‌تی کرێکاری جیهان له په‌روه‌رده‌کانی پته‌وی ئه‌و و له خه‌باتی بێ وچانی چینی کرێکار دژی سیسته‌می ڕزیوی سه‌رمایه‌داری زیندووه .



له گه‌ڵ چالاکیه دیموکراتیکه‌کان ده‌ناسی ئه‌م جاره له گه‌ڵ مه‌سه‌له‌یه‌کی تازه به‌ره‌و ڕوو بوو دابین کردنی پێویستیه‌کانی خه‌باتی چه‌کدارانه و شه‌ڕی چریکی شاری ته‌واوی شێوازه‌کانی ئه‌شکه‌نجه‌گه‌ران بۆ کردنه‌وه‌ی گه‌نجینه‌ی زانیاریه‌کان که بیژه‌ن له سینگی خۆی ده‌پیاراست , له به‌رانبه‌ر ئیراده‌ی پۆڵائین و عه‌شقی پاک و بێ هاوتای ئه‌و به خه‌ڵک هه‌ر وه‌ک ئه‌داو ئه‌تواره‌کانی نه‌فره‌ت لێکراوی هێندیک ده‌ڵقه‌کی ناشاره‌زا له به‌ر چاو ده‌هات .

له دادگای نیزامی , دادستان بۆ بیژه‌ن و ٧ که‌سی‌تر داوای ئیعدامیان کرد به‌ڵام به هۆی ته‌وژمی بیر و بۆچوونی گشتی له به‌سیج و ئۆرگانه‌کانی مافی مرۆڤــ وه‌ک ڕێکخراوی لیبوردنی نیونه‌ته‌وه‌یی و هه‌ر وه‌ها قبوول نه‌کردنی ڕێژیمی شا به نیسبه‌ت ئیعتراف له په‌یوه‌ندی له گه‌ڵ به‌ربه‌ره‌کانی جیددی له به‌رانبه‌ر خۆی دا , دادگا بڕیاری ١٥ ساڵ زیندانی به سه‌ر داسه‌پاند .بیژه‌ن تاکو خاکه‌لێوه‌ی ١٣٤٨ له زیندانی قه‌سر و پاشان بۆ زیندانی قوم دوور خرایه‌وه هاوکات له گه‌ڵ حه‌ماسه‌ی سیاکه‌ڵ و خرۆشی له دایک بوونی ڕێکخراوی پڕ له شانازی چریکه‌کانی فیدائی گه‌لی ئیران بیژه‌ن گوێزرایه‌وه زیندانی ئێوین و دووباره که‌وته ژێر ئه‌شکه‌نجه و ئازار , ئه‌و له مه‌ودای ده‌ورانی زیندان دا سه‌ره‌ڕای چاوه‌دێری , به‌رده‌وامی ساواک , پۆلیس و سیخوڕانی ئه‌وان ده‌ستی دایه شیکردنه‌وه‌ی مێژوویی چینایه‌تی کۆمه‌ڵگا , بناغه‌ی ئیستراتژی په‌یکار دژی دیکتاتۆری ڕێژیمی شا دانا و خه‌ریکی ڕوون کردنه‌وه‌ی سنووردانانی سیاسی و تیئوریکی چریکه‌کانی فیدائی له گه‌ڵ بیر و بۆچوونه‌کانی به‌لاڕێ چووانه‌ی جیهانی و ناو خۆیی بوو و له‌م بواره دا ده‌یان کتێبی پڕ له بایه‌خی نووسی .

که هه‌ر کام له‌وانه چرای ڕێگا له به‌رانبه‌ر ڕێبوارانی ڕێگای دیموکراسی و عه‌داڵه‌تی کۆمه‌ڵایه‌تی و سوسیالیزم ده‌ژمێردرا و ده‌ژمێردرێ . ئه‌و له‌م ده‌ورانه‌دا ڕێکخستنی خه‌بات دژی ڕێژیمی شا له زیندانه‌کان به ئیراده‌یکی پته‌و به‌ره‌و پێش ده‌برد و له هه‌ر سلوولێکی بچووکی زیندان ده‌کرده سه‌نته‌رێک بۆ په‌روه‌رده و فێرکردنی نه‌سلێک له کۆمۆنیسته‌کانی ولاته‌که‌مان . پێک هێنان و په‌ره پێدانی په‌یوه‌ندی زیندان له گه‌ڵ ده‌ره‌وه وه پێک هێنانی به‌شێک بۆ خه‌باته سینفی سیاسیه‌کانی زیندانیه‌کان به‌شێکی جیایی هه‌ڵنه‌گر له ژیانی ڕۆژانه‌ی ئه‌و له جێگایێک بوو که به بڕوای به‌رێوه‌به‌رانی ئه‌و ده‌بوایه جیابوونه‌وه‌ی زیندانی له کۆمه‌ڵگا و له ژیانی کۆمه‌ڵایه‌تی دابین بکات .

سه‌ر ئه‌نجام ڕێژیمی شا له جینایه‌تیکی ترسه‌نوکانه‌دا هاوڕێ بیژه‌ن جه‌زه‌نیی له گه‌ڵ ٦ فیدائی و ٢ موجاهید کوشت ڕێژیم به باشی ده‌یزانی که که‌سێک که له سێهه‌می خاکه‌لیوه‌ی ١٣٥٤ ده‌ستی و چاو به‌ستراو له پشته‌وه به گوڵله ده‌به‌ستێ ڕه‌نگدانه‌وه‌ی فیکری و وێنه‌که له بزووتنه‌وه‌یکی مادی له نێوان کۆمه‌ڵانی خه‌ڵک که ئیراده‌ی کردووه تیشه به ڕیشه لێدانی بێ به‌ش کردنی ئه‌م بزووتنه‌وه‌یه له پێشره‌وی خۆی بێ سه‌ر کردنی ڕێکخراوی پێشره‌و ڕیگا حه‌لێک بوو که شا و ئه‌ربابه‌کانی بیانی ئه‌و هه‌ره‌شه‌ی داهاتوو به‌و شێه‌یه وه‌ڵام ده‌دانه‌وه و چ تاڵ که کردوه‌ی ڕه‌شی ئه‌وان ئه‌گه‌ر چی له به‌رپه‌رچدانه‌وه‌ی خه‌ته‌ری له ناوچوونی خۆیان کاریگه‌ر نه‌بوو , به‌ڵام توانی پرۆسێکی گه‌شه ئه‌ستێنه‌ر و په‌ره‌گرتوو له خیرایی خۆی خاو بکاته‌وه , ئه‌م پرۆسه‌یه ڕاوه‌ستانی نیه . له‌م ڕێگایه‌دا بیژه‌ن هه‌نگاوی هه‌ڵگرت و جێگه پێه‌کانی ئه‌و هه‌روه‌ها ماوه‌ته‌وه تاکو ڕێبوارانی بانگه‌واز بکات , ڕێنوینیان بکات و درێژه‌ی هه‌بێ .

« یادی به‌رێز و ڕێگای پڕ له ڕێبوار »

# ڕویای مرۆڤ لە تەرانەی جان لنون !

لە کاتێکدا ڕووداوی گەورە لە سەرانسەری جیهاندا ڕووی دەدا و بزووتنەوەکانی ڕزگاریدەری میللی و شۆرشگێرانە لە بەشێکی گەورەی ئەم جیهانە لە حالی ئەنجام بوو و ولاتانی نوێ موستەعمەرە و موستەعمەرە لە ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین لە خەبات و شەڕ بۆ ڕزگاری خۆیان لە قەیدی ولاتانی ئیمپریالیست بوون و ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە گێژاوی شەری ویتنام پەلەقاژەی ئەکوتا و یەکیەتی سۆڤیەت لە هاوزیستی ئاشتیانە لە گەڵ ولاتانی سەرمایەداری جیهانی قسەی دەکرد و چین لە سەر شۆرشی جیهانی سوور بوو و کوبای شۆرشگێر بوو شۆرشگێرانی جیهان سومبولی شۆرش دەژمێردرا ، بزووتنەوەیێکی تری رادیکال خەریکی سەرهەڵدان بوو و ئەویش بزووتنەوەی دژی سەرمایەداری و هەموو ئاسەوارەکان و ئاکامەکانی ئەو . بزووتنەوەیێک بە دژی سیستەمی سیاسی داسەپاو و ئەرزش و نەریتەکانی کۆن و دواکەوتوو ، بە دژی داگیرکاری و دەستێوەردانەکانی ئیمپریالیستی ، بە دژی فەرهەنگ و هونەری ئەشرافی و دژی خەڵکی و ناکاریگەر و لومپەنانەی خەڵک فریوی سەرمایەداری . لە ئاوا جیهانێکی پر لە ڕووداودا جان لیون بوو بە یەکێک لە دەنگەکانی بزووتنەوەی یەکسانی خواز و ئازادیخوازانەی خەڵکێک کە خوازیاری گۆران بوون ، گۆران لە دەسەلات و سیستەمی کۆمەلایەتی ناعادلانەی داسەپاو بە سەریاندا . بوو بە دەنگی داخوازیەکانی ئینسانی





Imagine

ئەوان و بۆیە تەرانەی " خەیاڵ بکە "ی لیون ڕەنگدانەوەی خەیال و ئارەزوەکانی ئینسانی میلونەها ئینسانی تینوی عەدالەت و ئازادی بووە و هەیە و لە داهاتوویش دەبێ .دەیەی ٧٠ دەیەی نزیک بوونی جان لیون بە سیاسەتی رادیکال بوو . ئەو لەم باوەرەدا بوو کە بەدەست هێنانی دەسەلات بە بێ هێزی ماددی و خەبات مومکین نیە و مەنتیقی نیە و دوور لە عەقلە کە بیر لە ئەنجامی شۆرش و سەرکەوتنی بە بێ بە کار هێنانی هێزی قەهری بکەین . ئەو هەموو کات دەیوت کە لە هەلومەرجێک ژیاوە و پەروەردە بووە کە سێبەری سەرکوتی پولیسی بە چاوی خۆی بینیوە و هەموو کات هبە هەموو وجودیەوە هەستی پێکردووە و لێ بێزارە .و هەروەها ئەرتش لە فیکری ئەودا دەزگا و یان ماشینێکی نەفرەت لێکراو بوو کە لاوەکان دەگری و جنازەکانیان لە شوێنێک فری دەدات . جان لیون لە یەکێک لە لێدوانەکانی داوا لە شۆرشگێران کرد کە پەیوەندی بکەن بە کرێکارانی لاو لە بەر ئەوەی کە کرێکاران ناتوانن پەیوەندی بە شۆرشگێرانەوە بکەن . بەلام جان لیون هەرگیز نەیتوانی ئالترناتیوی سیستەمی مەوجود لە فیکر و میشکی خۆی دیاری بکات و تەسەوری ئەو لە جیهانێک جگە لە جیهانی مەوجود غەیری شەفاف و تاریک بوو . تاکو کۆتایی دوو دەیەی پر لە ڕووداو لە سەرانسەری جیهان هاوکات بوو لە گەڵ مەرگی جان لیون کە بە تەقەی ٥ گوللەی کەسێک کە ئەنگیزەی سیاسی ئەوێ مەجبوور بەم کارە کردە بوو ، گیانی لە دەس دا . گروپە دواکەوتوو و دژی خەڵکیەکان و دەزگای دواکەوتووی مەزهەبی بە هاوکاری حکومەتی ئەو کاتەی ئەمریکا لە پشت ئەم قەتلە بوون و کوشتنی جان لیون لە یەکەم ڕۆژەکانی هەلبژاردنی ڕۆناڵد ڕەیگان بە سەرۆک کۆماری ئەمریکا ڕوویدا . هەر ئەو کاتە ڕەیگان لە ولامێکی ڕۆژنامەوانان سەبارەت بەم قەتلە لە ژێر لێودا شتێک دەڵێ و زۆر بە نیسبەت ئەم مەوزوعە سارد بوو و لە کۆتائیدا زەردەپێکەنینێکی دەکات کە مانای شتێک نەبوو جگە لە ڕەزایەت و خۆشحالبوونی ئەو و دەسەلاتدارانێک کە بیر کردنەوەیان زۆر تاریک و کوێرە . . .

# بەسەرهاتی مردنێکی مێژوویی

## زنجیرە وتاریك
## لە رادیو دەنگی فیدایی
## خەرمانانی سالی 1364 هەتاوی




# بەدواهاتەکانی جیابوونەوە لە ناو رێکخراوی موجاهیدین و تەمایولاتی نوێ لە ژیانی دووبارەی ئەودا !

هەروا کە وتمان سوورانەوەی میکانیکی و ناراستی سالی ٥٤ی موجاهیدین بەرەو لای مارکسیزم ، لە جیاتی ئەوەی کە تەمایولاتی جیاوازی چینایەتی ناوخۆی ئەم رێکخراوە سیاسیە لە یەکتر جیا بکاتەوە ، بووە هۆی تێکچوونی کاتی ئەو و زۆربەی هێزەکانی ئەو کە بە گەرایشاتی توندی مەزهەبی لە زیندان رێک خرابوون ، بەرەو موحافزەکاری زۆرتر برد . مەحکومیەتی ئانارشیگەری لە جیابوونەوە بووە " مەزلومیەت " و توندرەوی مەزهەبی و بۆ زەمینەی گونجاوی بۆ بەهێز کردنی تەمایولاتی موحافزەکارانە فەراهەم کرد .

گەرایش بەرەو لای سوسیالیزمی ئوتوپیایی وەک رەنگدانەوەی تەمایولاتی دیموکراتی وردە بورژوایی کە تاکو ئێستا بناغەی دژایەتی ئەوان لە گەڵ توێبەندی مەزهەبی و تەمایولاتی لیبراڵ بورژوایی بوو ، چیتر رەنگی نەما و تەعەسوباتی توندی مەزهەبی زۆرتر لە جاران خۆی نیشاندا . دژایەتی لە گەڵ مارکسیزم کە تا ئەم کاتە نیشانەی جیابوونەوەی ئەم دوو گەرایشە بوو ، دەبوایە ببێتە هۆکاری یکگرتنەوەی ئەوان . و پابەندبوون بە شەریعەتی ئیسلامی هەرجۆرە رەنگ و لەعابی " مارکسیستیی " لە خۆوە پاک دەکرد ! چیتر لە ناو موجاهیدیندا جێگایێک بۆ شیفتە بوون بە مارکسیزم و مارکسیستەکان نەمابوو . زۆر لە رێبەرانی موجاهید کە فەزاکە بۆ خۆیان بە باش و گونجاو نەدەزانی یان بە بێ دەنگی ریزەکانی موجاهیدیان بە جێ هێشت و هاتنە نا ریزەکانی هێزەکانی چەپ و یان لە مەسئولیەتەکانیان لابران . هیندیکیش کە نەیاندەتوانی لە میراتی رابردووی موجاهیدین واز بهێنن و خۆیان بە میراتگەری رێکخراوی کۆن دەزانی ، کاستیان پێک هێنا و ئالای لایەنگری لە موجاهیدینی بە روالەت مارکسیست واتە هەمان رێکخراوی پەیکاریان بەرز کردەوە .

پاش زنجیرەێک ئالوگۆری فیزیکی و تەسویە حسابەکانی تەشکیلاتی دەبوایە نورەی تەعیین تەکلیف لە گەڵ بنیاتەکانی تیئوریک و مەبناکانی ئایدولوژیک بگات . دەبایە لە هەرجۆرە ئوسولی عەقیدەتی و تەفسیرەکانی ئیسلامی کە رەنگ و بۆنی مارکسیستی بە خۆوە گرتبوو ، چاوخشاندنی لە سەر بکرێ و ئیلتقاتی ئابووری لە گەڵ دادی قورئانی هاودەنگیان پەیدا بکردایە . لەم نێوانەدا تەکلیفی گەرایشاتی لیبراڵ و موتەعسبە مەزهەبیەکان لە هەموو کەسێکی تر روونتر بوو . ئەم دارودەستە دواکەوتووە لەم شێوازەی جیابوونەوەیە چەکی تەزکیەی دروست کرد و داری تەکفیری بە دژی " مارکسیزم " ی موجاهیدین بەرز کردەوە . نوێنەرانی توێژەکانی موتەعەسب و لیبراڵی مەزهەبی ناو زیندان کە لە مێژ بوو ئیخلاسی خۆیان بە ئیسلامی راستەقینە ئیسبات کردە بوون ، خۆیان دوور گرتەوە و گۆشەگیریان کرد . مەلجا و ماوای ئەوان لە تەواو ئەم دەورانەدا نووسراوەی وەلایەتی فەقیحی خومەینی بوو کە ئارمانی پیرۆزی ئەوان بە حساب دەهات . بەڵام گەیشتن بە ئەحکامی ئەم وەلایەتە ئیسلامیە بە رادەیەک دوور لە عەقڵ و راستی بوو ، کە تەنانەت نوێنەرانی ئەوانیش شەهامەتی ریسک کردن سەبارەت بە باس کردن لە سەر ئەویان بە خۆوە نەئەدا . ئەوان دانیشتبوون تاکو باڵندەی شانس و ئیقباڵ بەر سەر چارەنووسیان دەربکەوێ و حکومەتی بێ دەرد سەری ئیلاهی سێبەری خۆی بە سەر سەریان رابکێشێ . ئەم دارودەستەیە دوایی کاتێک بە بەرز بوونەوەی بزووتنەوەی خەڵکی سێبەری نگریسی خومەینیان بە سەر شۆرش بینی ، لە سنور دانانی روون و یەک لایەنە لە گەڵ موجاهیدین درەنگیان نەکرد و لە کۆتائیەکانی سالی ٥٦ لە زیندانی ئیوین هەفت کەس لە سەرکردەکانی عەمامە بە سەری ئیسلامی خۆیان وەک موسەوی ئەردەبیلی ، رەفسنجانی ، رەبانی ، لاهوتی ، مونتەزری و هتد ... فتوای کۆتایی خۆیان بە دژی موجایدین راگەیاندن . ئەم ئاغایانە ئایەتوللا گەورانە بە رێبەرایەتی ئەشکنجەگەرانی ساواک ، واتە وەک عەزەدی ، رەسولی و مەنوچهری ، مارکسیزمیان بە توندی تەکفیر کردن و بریاری بە ئیلحادی بیر کردنەوە و مولحید بوونی موجاهیدینیان دەر کرد .

لەم نێوانەدا ناکرێ رۆڵی ئایەتوڵلا تالەقانی باوکی موجاهیدین لە بیر بکەین . باوکە تالەقانی

موخالیفەتی بەرواڵەتی لە گەڵ ئەم پلانە ، لە کۆبوونەوەکە حازر بوو و قامکی خۆی لە ژێر فتواکە مور کرد . ئەو لە راستیدا نوێنەری بیروبۆچوونەکانی سست و لاوازی موجاهیدین و رەنگدانەوەی شیفتە و شەیدا بوونی ئەوان بە ئیسلام بوو . دەبێ بلێین ئەمە لە راستیدا خۆدی موجاهیدین بوون کە ئامرازەکانی تەکفیری خۆیانیان دایە دەستی مەرجەعکانی پلە یەکەمی مەزهەبی .

بەڵام لە گیروداری ئەم جیابوونەوەیە و پیویستی پێداچوونەوە لە سەر بیروبۆچوونەکانی عەقیدەتی ، خۆدی موجاهیدین تا ماوەیکی زۆر نەیانتوانی ئەم کارە ئەنجام بدەن . خۆ رێک خستن لە گەڵ ئوسولی ئیسلامی دوایی و لە پاش راپەرین لە جەریانی باسەکانی تیئوریک و فەلسەفی مەسعود رەجەوی رێبەری موجاهیدین لە چوارچێوەی زنجیرێکی نووسراوە بلاو کرایەوە کە لە راستیدا شتێک نەبوو جگە لە وەرگێرانی تەفسیرەکانی کۆنی زانایانی پێشووی ئیسلامی و رێک بوونی تەواو لە گەڵ یاساکانی ئیسلامی و رەوایەتەکانی کۆنی قورئانی .

جگە لە توێژەکانی مەزهەبی سونەتی کە هەروەها لە سەر بیروبۆچوونەکانی گۆنی ئیسلامی سوور بوون بۆ نموونە زۆربەی هێزەکانی بورژوازی و بورژوازی لیبراڵ کە لە دەور دروشمەکانی مەزهەبی دژی سەلتەنەتی پەهلەوی کۆ بوونەوە ، پیویستی تێکەڵکردنی ئوسولی سەرەتایی ئیسلام لە گەڵ رەنگدانەوەکان و یاساکانی نوێی سیستەمی سەرمایەداری و تیئوریزە کردنی خواست و ئارەزوەکانی وەدی نەهاتووی توێژەکانی وردە بورژوازی کۆمەڵگا ، هێشتا وەک پیویستێکی گشتی دەژمێردرا .

لە گەڵ لاواز بوونی تیئوریکی موجاهیدینی رێک خراوی مەزهەبی ناو زیندانەکاندا ، کانوونی تیئوریکی ئەم گەرایشە گواسترایەوە بۆ دەرەوەی زیندان و ئەویش لە ئاستی هێزەکانی بلاوە و پەرتەوازی روشنبیری مەزهەبی . دوکتور عەلی شەریعەتی تیئوریسیەنی ئیسلامی بەرواڵەت پێشکەوتنخواز کە پێش لە موجاهیدین لە نێوان لاوە مەزهەبیەکاندا خاوەن نفوزی بەرچاو بوو ، هەروا کە بە سەرهەڵدانی موجاهیدین لە بیر کرا ، بە هەلوەشانی کاتی رێکخراوی موجاهیدین سەرلەنوێ سەری هەڵدایەوە و کۆروکۆمەڵێک لە ئەنجوومەنەکانی ئۆپوزیسیونی مەزهەبی بە دەور و بەری خۆی کۆ کردەوە . بەڵام دوکتور شەریعەتی هێشتا نەبووە کانوونی هەلسووران و چالاکی سەرنج راکێش و جیددی هێزەکانی نوێ گەرای مەزهەبی کە لە ژێر تازیانەی ئاریامهر چارەنووسی خۆی دۆزیەوە و ترس و رەزالەتی راستەقینەی خۆی ئاشکرا کرد . گریان و تەوبەی ئەو لە پێش بارەگای پەهلەوی بەیانی خۆی لە زنجیرە نووسراوەکانی ئەو بە دژی مارکسیسزمی ئیسلامی موجاهیدین لە رۆژنامەکانی کیهان و ئیتلاعاتی ئاریامهر لە ساڵی ٥٥ نیشان دا . شەریعەتی ئەگەرچی لە ساڵی ٥٦ دا مرد ، بەڵام بەم خیانەتە بەس بوو تاکو لاوە مەزهەبیە روشنبیرەکان بەم نەتیجە بگەن کە لە مەکتەبی ئەودا جێگایێک بۆ ئەم جۆرە عیبادەتانە نیە . ئەو پێش لە مردنی بۆ ئەوان مرە بوو . زۆرێکی تر لەم گروپە ، وەک رێبەرانی داورودەستەکانی جاما ، ئومەت و بزووتنەوەی موسلمانانی خەباتگێر و هتد . . . .یش کە پاش راپەرین وەک کیسەڵ سەر ناو لاکەکانیان دەر هێنا ، موحافیزەکارتر لەوەی بوون کە بتوانن لە دەورانی شادا " ئومەتێک " بۆ خۆیان دروست بکەن . و لەم نێوانەدا بەس " بەنی سەدر " مابوو کە لە سەفەری یەکەمی خۆی ئەم دەرفەتەی بۆ رەخسا کە بەرنامەی ئابووری تەوحیدی و ئیلهام گرتوو لە ئیسلامی موجاهیدین بە لاف و گەزافێکی بێ وینە تیئوریزە بکات و ئیسلامێک بە قەد و قەبارەی سیستەمی بورژوازی کە ئەم ئومەتە مەزهەبیە خۆشیان دەیویست ، بدوورێ . بەلامپایەداری ئەم سیستەمە چەند مەرکەزیە لە ناو ریزەکانی هێزەکانی روشنبیری مەزهەبی بە رادەی هەلوەشانی تەشکیلاتی موجاهیدین کاتی بوو .وردە بورژوازڤی دیموکرات هەست بە زەرورەتی رێکخستنی تایبەتی خۆی دەکرد . جیابوونەوە نەیتوانی بوو تەمایولاتی موحافیزەکاری لیبراڵ جیا بکاتەوە . ئەم هێزە بە ئیلتقاتێکی کەمتر ، بەڵام موحافیزەکارێکی یەکجار زۆرتر ، دیسان خۆیی رێکخستەوە . بزووتنەوەی خەڵکی و راپەرینی رێبەندان حەرەکەت لە مەسیری ئەم رێکخستنەی خێراتر کرد .

رێکخراوی موجاهیدینی خەڵک مەوجودیەتی دووبارەی خۆی لە جەیارنی قسەکانی رەجەوی لە بەفرانباری ٥٧ لە بەردەم مزگەوتی زانکوی تاران راگەیاند . رەجەوی لە جەریانی راگەیاندنی مەوجودیەتی نوێی رێکخراوی موجاهیدین هێرشی نەکردە سەر مارکسیزم . ئەو تەنیا بەمە ئیکتفای کرد لە جەریانی ئانارشیستی موجاهیدینی بە ئیستلاح مارکسیست ، وەک ئوپۆرتونیستی چەپ نەما و خائین بە تەشکیلاتی موجاهیدین ناو ببات .

رێبەری موجاهیدین لەم قسانەدا فتوای هەفت کەس لە سەرکردەکانی دواکەوتووی ئیسلامیی لە بیر کرد و وەفادار بوون و گوێ رایەڵی رێکخراوی موجاهیدین بە رێبەری خاوەن شکۆ ئایەتوڵلای مەزن خومەینی وەک رێبەری مەزنی ئیسلام و شۆرش ! راگەیاند و رێبەری وەلی فەقیحی بە دڵ و گیان بۆ خۆیان کری . رێکخراوی موجاهیدین لەمەو بەدواوە هەوڵی دەدا تاکو دووبارە توێژەکانی وردە بورژوازی رێک بخات . ئەم رێکخراوە تازە پێ گرتووە هەرچەند بە هۆی نەبوونی رێکخستن و نەبوونی ئامادەیی و هێزی پیویست نەیتوانی لە دەورانی راپەریندا رۆڵی چالاکی هەبێ ، بەڵام پاش راپەرین بەرە بەرە هێزەکانی کۆمەڵایەتی خۆی رێک خست و بەشێکی گەورە لە توێژەکانی جیاوازی وردە بورژوازی کۆمەڵگای بە دەور خۆی کۆ کردەوە .

لە سەرەتای جیابوونەوە تاکو راپەرینی رێبەندانی ٥٧ و دامەزراندنی ستادی مەرکەزی موجاهیدین لە مزگەوتی زانکوی تاران بۆ ئەم رێکخراوە دەورانی تەداروک بۆ ژیانی دووبارە بوو . موجاهید لە دەوری دووهەمی ژیانی خۆیدا ، ئیدیعای نزیکی بە مارکسیزمی بەو رادەیە لە دەس دابوو ، کە شەوق و زەوقی ئەو بۆ مەزهەب لە وجودی بە هێزتر دەبوو . شیفتە بوونی بە مەزهەب و پابەند بوونی بە سیستەمی سەرمایەداری ئەوی مەجبوور کرد تاکو جارێکی تر مەزهەب بکاتە کانوونی یکگرتنی لە گەڵ خومەینی . لەم دەورەیە لە ژیانی موجاهید ، چیتر بە پێچەوانەی دەورەی شا و ستەمکاری ئاریامهری ، لە لایکەوە ئەو زەمینە مادیانەی رابردوو بۆ رێکخستنی توێژەکانی رادیکالی وردەبورژوازی بە شێوەی رابردوو وجودی نەبوو ،لە لایکی ترەوە زاڵبوون بە سەر گەرایشاتی رادیکالی وردە بورژوازی لە نێوان موجاهیدینیش لە سنووری جیابوونەوەدا تێک شکابوو . ئاکامی جەبری ئەم دوو هۆکارە ئەمە بوو .

کە موجاهیدی مەزهەبی تازە بە گەرایشاتێکی موحافیزەکارانەتر بێتە مەیدانەوە .هەروایش بوو : ئیلتقات لە نێوان مەزهەب و مارکسیزم جێگای خۆی گۆری بە ئیلقات لە نێوان لیبرالیسم و مەزهەب موجاهید ژیانی سەرلە نوێی خۆی لە سەر ئاوا ئوسولەکانی بینا کرد کە چارەنووسێک جگە لە گەرایش بەرەو لای لیبرالیسم و روو هێنانی زیاتر بە بیروبۆچوونەکانی مەزهەبی ، بۆی چاوەروان نەدەکرا . موجاهید بینای ژیانی خۆی بەم سەمت گیریە دەسپێکرد .

فەسڵی دووهەم :

ئالوگۆرەکانی روو لە گەشەی شۆرش و گۆرانکاریەکانی روو لە پاشی موجاهیدین !

هەروا کە وتمان رێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران ، وەک نوێنەری سیاسی توێژەکانی ناهەمگونی وردە بورژوازی ، دەورانی دووهەمی ژیانی خۆی لە گەڵ نەوەسانات ، تەزەلزول و موحافزەکاری زیاتر دەسپێکرد . هەر بۆیە ئەو ئالوگۆر و گۆرانکاریانەی کە پاش راپەرینی رێبەندانی ٥٧ لە ئێران روویدا ، رەنگدانەوەی راستەقینەی خۆی لە سەر وەزعی موجاهیدین بە تەواوەتی بە جێ هێشت و ئەم هێزە موحافیزەکار و موتەزەلزلەی هەرچی زیاتر بەرەو رووخان برد .رێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران لە راپەرین تاکو ئێستا واتە لە دەورانی دووهەمی ژیانی خۆیدا ، سێ قۆناخی جیاوازی تێپەر کردووە . موجاهیدین لە هەرکام لەم قۆناخانەدا سیاسەتەکانی تایبەت ، تاکتیکەکانی دیاریکراو و مەسیرێکی روونیان گرتوونەتە بەر . مەسیرێک کە ئەمرۆکە دەچێ تاکو لە کۆتایی دەورانی دووهەمی ژیانی خۆیدا ، چارەنووسی راستەقینە و چاوەروان کراوێک کە بە درێژەدانی ئەم سیاسەتانە شتێک جگە لە لیبرالیسمی موحافیزەکار نیە ، بێت !

سیاسەتەکانی گشتی و ئەساسی موجاهیدین لەم سێ قۆناخەدا بریتین لە :

١-لە راپەرینی رێبەندان تاکو رووخانی دەوڵەتی کاتی بازرگان

٢- لە رووخانی دەوڵەتی کاتی تاکو بەرزبوونەوەی سەرلەنوێی بزووتنەوەی خەڵکی لە سەرەتاکانی ساڵی ٦٠

٣-لە ٣٠ی جۆزەردانی ساڵی ٦٠ تاکو ئێستا .

## بهاران خجسته باد

هوا دلپذیر شد
گل از خاک بردمید
پرستو به بازگشت زد نغمه ی امید
به جوش آمد از خون درون رگ گیاه
بهار خجسته باز خرامان رسد ز راه
به خویشان،
به دوستان،
به یاران آشنا،
به مردان تیزخشم که پیکار مي کنند
به آنان که با قلم تباهی درد را
به چشم جهانیان پدیدار مي کنند
بهاران خجسته باد،
بهاران خجسته باد.

و این بند بندگی،
و این بار فقر و جهل
به سرتاسر جهان،
به هر صورتی که هست
نگون و گسسته باد.

به خویشان،
به دوستان،
به یاران آشنا،
به مردان تیزخشم که پیکار مي کنند
به آنان که با قلم تباهی درد را
به چشم جهانیان پدیدار مي کنند
بهاران خجسته



# یادی هاورێ مەزن ، مەسعود ئەحمەدزادە لە ئیرادەی پۆلائینی پرولیتاریا زیندووە !



ڕۆژی یانزەهەمی ڕەشەمەی ساڵی ٥٠ ڕێژیمی شا ، یەکێک لە مەزنترین ڕێبەرانی ئێمە لە گەڵ ٩ هاورێ فیدایی تری ئیعدام کرد . ڕێژیمی شا مەسعوود ئەحمەدزادە ، یەکێک لە تیئوریسیەنەکانی خوڵقێنەر و ڕێکخەرەکانی مەزنی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێرانی ئیعدام کرد. بەڵام ناوبانگی مەسعوود ئەحمەدزادە ، وەک ڕێبەری مەزن ، تاکو ئەو ڕۆژە لە ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران دەنگی دابوو. ئەگەر چی مەسعوود لە بەهاری لاوی و لە تەمەنی ٢٥ ساڵان دا ، بە دروشمی بژی کۆمۆنیزم شەهید کرا ، بەڵام زۆر پێش لەوێ بە هۆی هێزی خوڵقێنەری خۆی ناوی خۆی بە کۆمۆنیزمەوە گرێ دابوو. مەسعوود بە خوڵقێنەری بێ وێنە و تێگەیشتنی بنەڕەتی لە بابەتەکانی شۆڕشی ئێران و لە کۆسپەکانی ئەساسی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران لە قۆناخەکانی ژیانی خۆی ، هێڵێکی نوێی لە بەرانبەر بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران کردەوە و خۆی یەکەم هەنگاو لەم ڕێگایە هەڵگرتبوو. مەسعوود بە هێزی ئیرادە و بیر کردنەوەی قووڵی خۆی ، جووڵانێکی توندی دایە کۆڵەکەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران و ئەساسی جووڵانەوەی داهاتووی ئەو دارشت. بە پێچەوانەی بیر کردنەوەی ئینسان کوژانی ڕێژیمی شا ، مەسعوود بۆ هەمیشە زیندوو بوو . ناوی مەسعوودیش بە سەر ئاڵای خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران داکوترا بوو . ناو و یادی هاورێ مەزن مەسعوود ئەحمەدزادە ، کۆمۆنیستی فیدایی پڕ لە هەست ، ڕێبەری توانا و خوڵقێنەری بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران لە ئیرادەی پۆلائینی چینی کرێکاری ئێران بۆ ڕزگاری و سوسیالیزم هەتا هەتایە زیندووە . مەسعوود وەک تیئوریسیەنێکی مەزنی بزووتنەوەی نوێی کۆمۆنیستی ئێران و لە بناغەدانەرانی تیئورێکی ڕێکخراوی ئێمە دەزانی کە تێگەیشتنی بنەڕەتی لە ئاڵوگۆڕەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا تەنیا بە پاڵ دان بە زانستی تیئوریک و لە بەر چاوگرتنی ئەوانەی کە دەبیندرێت و ئەزموونەکانی بڵاوە کراو ، بە بێ ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی یەک دەست و زانستی ، ناتوانی وەک شێوازێکی زانستی مارکسیستی کەڵکی لێان وەر بگرین . بۆیە هاورێانی بناغەدانەری ڕێکخراوی ئێمە و بە تایبەت مەسعوودیش لە سەر ئەم بابەتە سوور بوون کە هەر دیتن و ئەزموونێک لە بارودۆخی چینی کرێکاری ئێران و هەر ئەزموونێکی عەینی لە هەڵ و مەرجەکانی ئابووری کۆمەڵگای ئێران ، ئەگەر بیهەوێت لە بواری زانستی سەرچاوەیێکی جێگای متمانە بۆ کەڵک لێ وەرگرتن بێت ، دەبێ لە ئاستی تەنیا دیتن دەربچێ و لە گەڵ بە کار هێنانی ڕوانگەی دیالکتیکی ڕەخنەگرانە هەڵسەنگیندرێت و بە کەڵک وەرگرتن لە سەرژمێری ، شیٔ بکرێت و لێکبدرێتەوە و ئاکامەکانی وە دەست هاتوو وەک لێکدانەوەیێکی یەک دەست کۆ بکرێت و لە کۆتایی دا وەک مەوادی سەرەتایی تیئوریک لە دیاریکردنی شێوازی پراتیکی ، کەڵکی لێ وەر بگرێت . بۆیە پاش تێپەر بوونی زۆرتر لە نیو سەدە لە ژیانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران و ئیستایش تەنانەت پاش تێپەر بوونی نێزیک بە یەک سەدە ژیانی ئەم بزووتنەوەیە و بە لە بەر چاوگرتنی هەستان و دابەزینی زۆری لە ڕەوتی تێپەر بوون بە سەر ئاڵوگۆڕەکانی ئابووری _ کۆمەڵایەتی ، بەڵام لە مەودای ئەم مێژووە پڕ لە هەستان و دابەزینەدا بە شانازیەوە دتوانین بڵێین کە تەنیا یەک جار و ئەویش بە دەس پێ کردنی بزووتنەوەی نوێی کۆمۆنیستی ، ئەم بزووتنەوەیە توانی بە ڕەخنەگرتنی مارکسیستی لە ڕابردووی خۆی و وەرگرتنی ڕاست و دروستی ئەزموون لە هەڵەکان و لابردنی کەم و کۆریەکانی بگاتە لوتکەیێکی بەرز و پراتیکی شۆڕشگێرانەی خۆی بکاتە تەنیا پراتیکی ئەساسی و سەرەکی ، بە هێز و بزوێنەری کۆمەڵگای ئێران . تەنیا لە یەک کاتدا لە ژیانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران دەتوانین ببینین کە ڕوانگەیێکی یەک دەست و شۆڕشگێرانە بە هێزێکی بەرچاو توانی ببیتە کانگای ڕاکیشان و ناوەندی یەکگرتنی هەزاران کۆمۆنیستی گیان فیدا و شۆڕشگێر و ببێتە هۆی ڕێکخستنی ئاوا بزووتنەوەیێکی ئاڵوگۆڕ پێ کەرێک کە وێنەی ئەو لە بواری چۆنیەتی و چەنیەتی و لە بواری بەر بڵاوی و خۆشەویستی لە نێوان کرێکاران و زەحمەتکیشان ، روناکبیران و خوێندکارانی زانکۆ و قوتابخانەکان لە هیچ جێگایێکی ئەم مێژووە سەد ساڵەیە نابیندرێت .بە ڕاستی شتێک جگە لە تیئوری شۆڕشگێرانە لە سەر ئەساسی تێ گەیشتنی قووڵ و بنەرەتی سەبارەت بە بابەتەکانی ئابووری _ کۆمەڵایەتی _ سیاسی و فەرهەنگی و پەیوەندیەکانی بەر هەم هێنان و لە ئاکام دا هەڵسنگاندنی وردی بارودۆخی کۆمەڵگا لە بوارە جۆر بە جۆرەکانی و ڕوانگەیێکی ڕەخنەگرانە لە ئەزموونەکانی ڕابردوو و پاشان پراتیکی شۆڕشگێرانە بوو کە هاورێانی ئێمە و هاورێ مەزن مەسعوود ئەحمەدزادە توانیان بە ئاشکرا کردنی پڕ لە ورەی مانیفستی خۆیان بە سیستەمی داسەپاو ، بنیاتی ئاوا خەباتێک دابنەن کە هەموو هەڵسنگاندنەکانی درێژ خایەنی بورژوازی و ئیمپریالیزم تێک و پێک بدات و هاوسەنگی چینایەتی بە کردەوە بە قازانجی چەوساوەکانی کۆمەڵگا بگۆڕێت؟ لە دیدی هاورێ مەسعوود و هاورێانی فیدایی ناوەرۆکی فەلسەفەی زانستی ڕەخنەگرتنی زانستی ڕاستیەکان بوو ، ئەوان بە شێوەیێکی بنەرەتی تێگەیشتە بوون کە ئەرکی ئەساسی و سەرەکی کۆمۆنیستەکان ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵگا ، دەوڵەت و ڕەخنەگرتن لە سیستەمی نکبەت باری سەرمایەداریە .

و بە شێوەیێکی ئەساسیش بە پێچەوانەی کۆمۆنیستەکانی هاوچەرخی خۆیان ، کۆمەڵگا و پەیوەندیەکانی پڕ لە چەوساندنەوەی ، دەوڵەت و دەسەڵاتی چەوسێنەرانەی بە شێوەیێکی پراتیکی دایانە بەر ڕەخنە و بە ووتەی مارکس کە دەڵێ : چەکی ڕەخنەگرتن ناتوانێ جێگای ڕەخنەگرتنی چەکبگرێت , کینەی مادی دەبێ بە هۆی کینەی مادی بڕووخێ , و تەنانەت تیئوری کاتێک, کە لە ناو کۆمەڵانی

خەڵك بڵاو بوو , دەبێتە هێزی مادی . بۆیە هاوڕێ مەسعوودیش لە کتێبی «خەباتی چەکدارانە هەم ئیستراتژی , هەم تاکتێك » ئەرکی شۆڕشگێرانی کۆمۆنیست بۆ تێگەیشتنی شۆڕشگێرانەی سەرجەم کۆمەلانی خەڵك ئاوا دیاری دەکات :« ئەم بڕیارە بە شێوەیکی ئەساسی دروستە کە هەر کات کۆمەڵانی خەڵك لە تێگەیشتنی شۆڕشگێرانە بەهرەمەند بن , لە سەر زەمینەی هەل و مەرجەکانی مادی کۆمەڵانی خەڵك , دەبێتە هێزێکی مادی مەزن , تەنیا هێزێك کە دەتوانێ ئاڵوگۆر بە سەر کۆمەڵگا پێك بێنی . بەڵام پرسیار هەمیشە ئەمە بووە کە چۆن دەتوانرێ ئەم تێگەیشتنە ببردرێتە ناو کۆمەڵانی خەڵك ؟ »یرو بۆچوون و تێگەیشتنی هاوڕێ مەسعوود و بناغەدانەرانی بزووتنەوەی نوێی کۆمۆنیستی ئێران لە هەل و مەرجی دیاریکراوی کۆمەڵگای ئێران نەك لە بە کار هێنانی میکانیکی بڕیارەکانی مارکسیستی , بەڵکو بە پراتیکی عەینی خۆیان تەجروبەیان کرد و سەڵماندیان . بۆ ئەوان ناوەرۆکی بیرکردنەوەی مارکسیستی لێکدانەوەی دیاریکراو لە راستیەکانی دیاریکراو بوو , بەڵام دروشم و نیشانی کۆمۆنیست بوون نەبوو , بەڵکو تێ دەکۆشان تاکو ئەم ئەسڵە سەرەکیە لە هەر تز و تیئوری خۆیان بە کار بهێنن . و لە کۆتاییدا روانگەی هاوڕێ مەسعوود سەبارەت بە خەباتی کینەیی و چەکدارانەی پێشرەوی فیدایی بە دەس پێ کردنی حەماسەی سیاکەڵ و بناغەدانانی بزووتنەوەی نوێی کۆمۆنیستی لە ئێراندا بە شێوەیکی کورت ئەمەیە :« ئامانجی خەباتی چەکدارانە لە سەرەتاوە , نەك لێدانی زەبری نیزامی بە دوژمن , بەڵکو لێدانی زەبری سیاسی بە دوژمنە . ئامانج ئەمەیە کە بە شۆڕشگێران و خەڵك ڕێگای خەبات نیشان بدرێت کە لە هێزی خۆیان تێان بگەێنین , نیشان بدرێت کە دوژمن زەبری لێ دەکەوێت . نیشان بدرێت کە ئیمکانی خەبات هەیە . دوژمن ئاشکرا بکەین و خەڵك تێ بگەێنین . و لە هەڵسنگاندنی ئاکامەکانی حەماسەی سیاکەڵ دەنوسێ : « ئێمە بینیمان کە بزووتنەوەی سیاکەڵ سەرەرای تەمەنی کورتی خۆی و سەرەرای شکستی خۆی , چ ورەیکی بە شۆڕشگێران و خەڵك بەخشی و هیواداریان کرد و ئەمە پێش لەوێ بوو کە چریکی شار بتوانێ خەباتی چەکدارانەی خۆی دەس پێ بکات .

**بە تەبلیغ و رەواج دانی سوسیالیزم و کۆماری فیدراتیوی شوورایی کە لەوێدا ئازادی و یەکسانی و هەروا مافی نەتەوەکان بۆ چارەی خۆ نووسین تاکو سەربەخۆیی تەواو بە رەسمی دەناسرێت ,ئاسۆی روونی رزگاری بۆ کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش وە دەر دەکەوێت .**

**سوسیالیزم ژیانێکی جیهانی بە رەسمی دەناسرێت کە لەوێدا سنوورەکان مانایکیان نیە.ئیمە خوازیاری یەکگرتنی هەموو نەتەوەکان وەك کۆمەڵگای ئینسانین ، بەڵام نە لە رێگای زۆر و ستەم ، بەڵکو لە سەر ئەساسی هەڵبژاردنی ئازاد.**

**کۆماری فیدراتیوی شوورایی ئێران کە لەیەکگرتنی دڵ خوازانەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ناوچەکان ، نەتەوەکان و فەرهەنگە جۆربەجۆرەکان پێك دێت ، مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان تاکو سەربەخۆیی تەواویان،**
**بە رەسمی دەناسرێت .**

# بژی سوسیالیزم



# بە بوونەی ٥٧ ەمینساڵرۆژی مەرگی هاوری مەزن ، ژۆزف ئیستالین

57 ساڵ بە سەر مەرگی یەکێک لە مەزنترین مارکسیستەکانی جیهان و پشتیوانی راستەقینەی چینی کرێکار و زەحمەتکێشی جیهان تێدەپەرێ . ئیستالینی مەزن لە ئەنجامدانی یەکەمین شۆرشی پرولیتری لە یەکێک لە ولاتانی ئیمپریالیستی رۆلی ئەساسی و بەرچاوی هەبوو . ئەو سەرەرای تەکامولی مارکسیزم و تێکەلکردنی ئەو لە گەل کومەلگای رووسیا پێکهاتەی تێپەرین بەرەو سوسیالیزمی لە یەکێتی سۆڤیەتی تیئۆریزە کرد و سەرەرای هەموو کۆسپ و گرفتەکانی ناوخۆیی و فشاری نێودەوڵەتی بەرەوە پێشی برد . یەکێتی سۆڤیەت سەرەرای بوونی دوو شەرِی داسەپاوی ئیمپریالیستەکان واتە شەری یەکەم و دووهەمی جیهانی و گەمارۆی هەموو لایەنەی ئەم ولاتە لە لایەن ئیمپریالیستەکان و تەنانەت پیلانی داگیرکردنی ئەم ولاتە و دابەشکردنی بە ناوچەکانی جیا جیا ، توانی ئەم پیلانانە بە تەواوەتی تێک بشکێنێ و قۆناخی تێپەرین بەرەوە بنیاتنانی کۆمەڵگای سوسیالیستی بەرەو پێش ببات . بەڵام پرسیار ئەمەیە کە ولاتی شووراکان بەو هەموو دەسکەوتە مەزنە وەک کار بۆ هەمووان ، میللی کردنی هەموو سەرمایەکانی ولات ، دابەشکردنی عادلانەی سروەت و سامان ، خوێندن و بیمەی بە خۆرایی بۆ هەمووان ، خزمەتگوزاری دەرمانی ، چلرەسەر کردنی مەسەلەی خواردن و پوشاک ، و نیشتەجێبوون بۆ هەموو خەڵک کە بە کار و تێکۆشانی بێ وێنەی زەحمەتکێشان بە ئەنجام گەیشتبوو بۆ چی گەیشتە ئەم وەزعی ئێستا کە دەیبینین ؟ و رووسیای زۆر دواکەوتوو لە بواری گەشەی سەنعەتی و ژێر خانی ئابووری کە بەو خێرائیە کە لە جیهاندا بێ وینە بوو و تا ئەو کاتە لە جیهاندا وەک ئەو تومار نەکرابوو و بووە دووهەمین ولاتی سەنعەتی و ریفاهی لە جیهاندا ، بۆ چی تووشی ئەم وەزعەی ئێستای بوو ؟

کۆمەڵگای یەکێتی سۆڤیەت لە هەموو بوراەکاندا بووە کۆمەڵگایێکی بە فەرهەنگ و مودیرن و نموونە بۆ زۆربەی ولاتان و هێزەکانی شۆرشگێر .فەرهەنگی پرولیتری کە لەوێدا ئەسەرێک لە چەوساندنەوە و تالان نەبوو بووە هۆی ئەوەی کە خەڵکانی یەکێتی سۆڤیەت لە هەر بوارێکدا لە جیهان و لە پەیوەندی لە گەل ولاتانی سەنعەتی پێشکەوتوو زۆر بە رێزەوە چاویان لێ بکرێت . ولاتی شووراکان توانی بوو هەموو دوژمنانی ناوخۆیی و دەرەکی خۆی بەرە بەرە و لە قۆناخەکانی پێشکەوتن ئیزولە بکات و پاشەکشەیان پێ بکات . هەموو ساڵێک حیزبی کۆمۆنیست دەسکەوتەکانی چینی کرێکار و زەحمەتکێشانی تری هەڵدەسەنگاند تاکو بۆ رێک کردنی بینای تێپەرین بەرەو کۆمەڵگای سوسیالیستی لە خالەکانی لاوازی و بە هێز بوونی کار و چالاکی کۆمۆنیستی دەرس وەر بگرێ و تەکامولی بدات .

سەرووشتی بوو کە یەکێتی سۆڤیەت تێبکۆشێ تاکو هەموو تیئوریەکانی مودیرنی مارکسیستی لە ولاتی شووراکان لە قۆناخی عەمەڵ دا بە کار بهێنێ و تاقیان بکاتەوە . هەوڵ و کۆششی هەموو لایەنەی کاریرانی حیزبی و کۆکردنەوەی بەردەوامی پێشکەوتنی کارەکان و تەکامولی بەرە بەرەی ئەو بە لەبەرچاو گرتنی پراکتیکی بەرهەم هێنان و کۆمەلایەتی و سەرەرای نەبوونی تەجرووبە کارێکی ئاسان نەبووە و نەیدەتوانی لە لایەن هێزە نەیارەکانەوە بە ئاسانی قبووڵ بکرێ . بوونی حیزبی کۆمۆنیست و رێبەری بەرزی ئیستالین بۆ کونترولّ و پێشکەوتنی بەرنامەکان ، سەرکەوتنی بەرنامەکانیان تەزمین دەکرد .

یەکێتی سۆڤیەت سەرەرای رووبەری زۆر لە خەڵکانی زۆریش پێک دەهات ، تیئوری خەڵکانی ئیستالین ئەم ئیمکانەی بە خەڵکانی سۆڤیەت دەدا تاکو بە لە بەرچاو گرتنی هەلومەرجی تایبەتی خۆیان و بە ئیبتکاری خۆیان مەسەلەکانی خۆیان چارەسەر بکەن و تەکامولە بدەن . ئەم تیئوریە بووە هۆی ئەوەی کە ئەم خەڵکانە و کۆمەڵگاکانیان خۆیان بۆ تێپەرین بەرەو کۆمەڵگای سوسیالیستی ئامادە بکەن .مەزهەب لە یەکێتی سۆڤیەت خاوەن نفوزێکی زۆر بوو و کلیسای ئورتودوکس هەمیشە لە گەڵ حکومەتەکانی تزاری لە تالان و غارەت و داگیرکردنی ولاتانی تر هاوکاری تزارەکان بووە و خاوەن نفوزی مەعنەوی و ئابووری زۆر لە کۆمەڵگادا بوو . لەم هەلومەرجەدا چارەسەر کردنی ئەم مەسەلەیە بۆ کاریرانی حیزبی زۆر ئاسان نەبوو بە تایبەت ئەوەی کە حیزب زۆر لاو بوو و خاوەن ئەزموون و تەجرووبەی کافی نەبوو . حیزبی کۆمۆنیست بە دژی مەزهەب زۆر خەباتیان نەکرد و بە پێچەوانەوە توانای زۆریان بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەکانی مادی کۆمەڵگادا تەرخان کرد . لە ئاکامدا کۆمەڵگای تازە پێ گرتووی سۆڤیەت ئەم ئیمکانەی لە مەزهەبیەکان زەوت کرد تاکو بە هەڵە کۆمەڵگا جەمسەر بەندی یان پولاریزە بکەن . هەموو هێزەکانی مەزهەبی دەیان توانی خەریکی تەبلیغات بن . بەڵام بۆ بژیوی خۆیان دەبوایە کاریان بکردایە . ئەم مەسەلەیە چارەسەر کرا کە بۆ هیچ کەس نیە کە بە هەزینەی کەسانی تر و بە کاری کەسانی تر بژیت . سوپاس و پێزانینی چینی کرێکار و زەحمەتکێشان و خەڵکانی رووسیا لە دەسکەوتەکانی حیزبی کۆمۆنیست و هاوری ئیستالین

بێ دەلیل نیە ، لە بەر ئەوەی کە کۆمەڵگایکی گەورە بە لەبەرچاو گرتنی گەماروی ئابووری و ڕاگەیاندنی شەڕی بەردەوام لە لایەن هەموو هێزەکانی دواکەوتوو و ئیمپریالیستی تەنیا بە پالپشتی هێزی خۆ پاراستن و لە سەرەوەی هەموو ئەم گۆڕانکاریانەیان پەیوەندی دەدایە یەکێتی سۆڤیەت و لە سەرەوەی ئەو هاوڕێ ئیستالین . هێزەکانی دواکەوتوو هیچ کات بروایان بە توفانی شۆڕشی کۆمەلانی خەڵک نەبووە .

ئیستالین هێشتا بە بیر و بۆچوونی ئینسانی و پێشکەوتوو و مودیرن ماوەتەوە و ئەفکاری ئەو و پراتیکی کۆمەڵایەتی ڕێبەرانی بە کردەوەی مێژوویی ئەو سەنگەریان گرت و لەم نێوانەدا زۆر کەسی تێنەگەیشتوو لە باری سیاسی و چینایەتی لە ڕووی نەخوێندەواری سیاسی بە دوای ئەم شەپۆلە کەوت و بوو بە کاسەی لە ئاش داغتر !!

یەکێک لەم هێرشانە بۆ سەر هاوڕێ مەزن ئیستالینە وەک ڕێبەرێکی مەزنی پرولیتاریای جیهانی و شۆڕشی مەزنی سوسیالیستی ئۆکتوبەر .

# ئیستالین بورژوازی و وردە بورژوازیی لە سۆڤیەت لە ناو برد و بۆیە کەوتە بەر کینە و نەفرەتی هەتا هەتایی ئەژدەهای بریندار بورژوازی .

ولاتانی پێشکەوتوو دانان و پێوانەکانی ژیان بە بێ ئیستعمار و ئەو و چەوساندنەوە تاکو ئاستی ولاتانی پێشکەوتوو گەیاندن لە ڕاستی دا کارێکی ئاسان نیە . یەکێتی سۆڤیەت تەنیا لە کاتی شەڕی دووهەمی جیهانیدا هاوکات لە لایەن ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بە پێنج میلیون سەربازی دوژمنەوە لە لایەن ئالمانی نازی و ژاپون هێرشی کرایە سەر . سیاسەتی ڕاست و دروست و تەداروکی هەموو لایەنە بۆ بەرگری کردن لە دەسکەوتەکانی شۆڕش شتێک نەبوو کە زەحمەتکێشانی سۆڤیەت بە ڕاحەتی بتوانن چاوپۆشی لێ بکەن و ئەوان بە هەموو تواناکانیانەوە لە ولاتی سوسیالیستی خۆیان دیفاعیان کرد . نموونەی بەرچاوی ئەم خۆڕاگریە شاری هەمیشەیی و مێژوویی ئیستالین گرادە کە فاشیزم لەوێ بە چوک هات . سەرکەوتنی یەکێتی سۆڤیەت لە شەڕی دووهەمی جیهانی بووە هۆی ترس و دلەڕاوکی هێزەکانی دواکەوتوو بە تایبەت سەرمایەداران و هێزەکانی مەزهەبی و ئیمپریالیستەکان . شۆڕش لە ولاتانی ئوروپای ڕۆژهەڵات ، شۆڕشی کوریا ، ویتنام ، چین و بزووتنەوەکانی ڕزگاریدەری میللی لە ژێر ڕێبەری ئەحزابی کۆمۆنیست سەنگەرەکانی هێزەکانی ئیمپریالیستیی تێک دەشکاند و لە ئاکامدا ئەوان خزمەتەکانی ئەو بە کرێکاران و خەڵکانی جیهان و چینەکانی زەحمەتکێش شتێک نیە کە بتوانن لە یادی خەڵک بسڕننەوەی . مارکسیزم زانستە و ئیستالین بۆ یەکەم جار ئەم زانستەی لە عەمەلی کرد و لە گەڵ چینی کرێکار و چینەکانی زەحمەتکێش و خەڵکانی سۆڤیەت بە هەموو هەوراز و نشیوەکانی ئەو باجەکەی دا . ئەمڕۆکە سەرەڕای هەموو تەبلیغات و پروپاگەندەی دواکەوتووانی جیهانی و لومپەنانی سیاسەت باز بە دژی ئیستالین ، ئەو هەر قارەمانی هەمیشەیی کریکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکانی ڕووسیایە .

بە دوای ڕووخانی بلوکی ڕۆژهەڵات و ڕاگەیاندنی سیستەمی نوێی جیهانی لە لایەن سەرمایەداری جیهانیەوە ، و پاشان هێرشەکانی یەک لە دوای یەکی سەرمایەی جیهانی بۆ سەر دەسکەوتەکانی چینی کرێکار لە ئاستی جیهانی شەپۆلێکی مەزن لە هێرش کردنەوە بۆ سەر ڕێبەرانی مەزنی چینی کرێکار و شۆڕشی چینایەتی سوور لە لایەن سەرمایە جیهانی و تیئوری داڕێژەران و قەڵەم بە موزدەکانی سەرمایە و سەرشۆڕانی سیاسی لە سەرانسەری جیهان دەستی پێکرد و بە ناوی هەڵویست ئازادی لە بەرانبەر ئیستالین ئەم کۆمۆنیستە جەنگاوەرە ، خەباتگێری سەرسەخت و ئاشتی ناپەزیر کە لە کورەی خەباتی بلشویکی پەروەردە بوو و خزمەتی زۆر بەرجەستەی بە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی جیهانی کرد بە شێوەیکی بێڕەحمانە و بە ڕاستی دا دوور لە هەموو نەریتەکانی تەنانەت ئینسانی کەوتە بەر هێرشی جەریاناتی ڕاست و بە ڕواڵەت چەپ . ژیانی ئیستالین سەرانسەر خەبات ، ئیمان بە چینی کرێکار و هەوڵ و تێکۆشانی مانوویی نەناسانەیە لە ڕێگای سەرکەوتنی سوسیالیزم . ئیستالین لە ٢١ دیسامبەری ١٨٧٩ لە تیفلیس لە دایک بوو . لە پانزە ساڵان دا لە گەڵ مارکسیزم ئاشنا بوو و لە هەژدە ساڵاندا بوو بە یەکێک لە هەلسووراوانی کوروکۆمەڵەکانی سوسیال – دیموکراتیک لە تیفلیس . لەم سەردەمەدا بەرپرسی چاپکردنی چەندین ڕۆژنامەی مەحەلی بوو . ئیستالین لە ساڵی ١٩١٢ بوو بە سکرتێری دەفتەری کومیتەی ناوەندی حیزب و بوو بە بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی پراودا . لە ساڵی ١٩٠٧ تاکو ١٩١٧ بە شێوەیکی نهێنی دەژیا و لەم ماوەیادا ٧ جار دەستگیر کرا و شەش جار بۆ سیبری تەبعید کرا . و

## ناونیشانی سایتی ڕێکخراو ، پۆستی ئلکترۆنیك و کومیتەی کوردستان ، و ژمارە فاکسی پەیوەندیە گشتیەکانی ڕێکخراو بریتین له :

www.fedayi.org
webmaster@fedayi.org
Kurdistan@fedayi.org
FAX:+46317792571

پینج جار له زیندان هەلأت . ئیستالین هەمیشه له شێوە وشێوازی لینین و حیزبی بلشویک پەیرەویی دەکرد و دیفاعی لیٚ دەکرد و له ماوەی ژیانی لینین دا بوو به سکرتیری گشتی حیزبی کۆمۆنیست . پاش مەرگی لینین ٢٩ ساڵ ڕێبەری حیزب و دەوڵەتی سۆڤیەتی به ئەستووه بوو و لەم مەودایەدا که دژوارترین و حەساسترین قۆناغی خەبات بۆ دامەزراندنی سوسیالیزم و سەرکەوتنی ئەو بوو ، حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەتی ڕێبەری کرد . ئیستالین پێداگرانه به دژی بیورژوازی خەباتی کرد و به له ناوبردنی بەرهەم هێنانی تایبەتی و سەنعەتی کردنی ولأت ئابووریی به تەواوەتی له دەستی بورژوازی دەرهێنا و له کاتی ئەودا به دامەزراندنی کوڵخۆزەکان و سوخۆزەکان بەرهەم هێنانی سەربەخۆ له ناو چوو و کولأکەکان له ناو چوون . له مەودای شەڕی دووهەمی جیهانی دا له ژیسٚر تەعسیری ڕێبەری هوشمەندانەی ئیستالین دا زۆربەی گەلانی ولأتانی ژێر سوڵته له زنجیری ئیمپریالیزم رزگار بوون و بەرەو سوسیالیزم هەنگاویان هەڵگرت و ئوردوگای سوسیالیزم به هێزتر بوو . خزمەتەکانی شایستەی ئیستالین پاش شەری دووهەمی جیهانی بۆ نوژەن کردنەوەی سەنعەت و ئابووری سۆڤیەت بووه هۆی سەرسوورمانی هەموو کەسێك . ئیستالین سەرجەم ٥٥ ساڵ چالاکی حیزبیی کرد و له نالەبارترین و دژوارترین هەلومەرجەکاندا ڕێبەرایەتی حیزبی بلشویک و دەوڵەتی سۆڤیەتی به ئەستووه بوو . هەر له سەرەتاوه کەوتە بەر کینه و نەفرەتی موبەلغینی بورژوازی و سوسیال – ریفورمیستەکان . بورژوازی رۆژئاوا له پایداری ئەو پایداری پرولیتاریا و له سەرکەوتنی ئەو مەرگی خۆی دەبینی . ئیستالین بورژوازی و وردە بورژوازیی له سۆڤیەت له ناو برد و بۆیه کەوتە بەر کینه و نەفرەتی هەتا هەتایی ئەژدەهای بریندار بورژوازی . بورژوازی هەوڵیدا سیمای دیکتاتورێکی خوێن مژ له ئەو درووست بکات و له گەڵ هێرش کردنەوە بۆ سەر ئەو هێرش بکاتە سەر یەکێتی سۆڤیەت . پرولیتاریا و زەحمەتکێشانی جیهانیش به دیفاع کردن له ئیستالین له ئارمانەکانی پرولیتری و سوسیالیستی دیفاع دەکەن . مێژووی حیزبی بلشویک و بینای سوسیالیزم له سۆڤیەت تێکەڵی ناوی ئیستالینی مەزن بووه . رەت کردنەوەی ئیستالین به مانای رەت کردنەوەی بینای سوسیالیزم له سۆڤیەت و ئیهانەت کردن به چینی کرێکار و گەلانی سەرانسەری جیهانه . ڕێز لێنان له خزمەتەکانی پڕ بایەخی ئیستالین له مەودای ٥٥ ساڵ چالاکی حیزبی ئەو ، دیفاع له هەلویستی ئوسولی و دروستی ئەو له بەرانبەر بەلاریٚ چوونەکانی راست و چەپ ، سەرەرای رەخنە گرتن له هەڵەکانی ئەو بە تایبەت له شێوەی خەباتی ناوخۆی حیزبی ، ئەرکی سەرشانی هەر کۆمۆنیستێکی راستگو و شۆرشگێره . به تایبەت ئەوەی که پاش کونگرەی بیستەمی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت خرۆشچۆف و دۆستانی ئەو به قامك دانان له سەر هەڵەکانی ئیستالین و گەورەتر کرنی ئەو هێرش بۆ سەر کەسایەتی ئیستالینیان کردە زەمینەیێك بۆ پێشکەشکردنی بۆچوونی رویزیۆنیستی ڕێگای گەشەکردنی غەیری سەرمایەداری ، تێپەر بوونی ئاشتی خوازانه و . . . بەم شێوەیه هێرش بۆ سەر هەڵەکانی ئیستالین بووه پۆششێك بۆ ڕەتکردنەوەی بۆچوونەکانی ئوسولی و دروستی ئەو . بەلام ئەم پروپاگەندە دوور له راستیانه به دژی ئیستالین نه مارکسیست – لینینیستەکانی شۆرشگێر له درێژەدانی ڕێگای ئوسولی و لینینی ئەو ڕادەگریٚ و نه دەتوانیٚ عشق و ڕێزی بیٚ سنووری پرولیتاریای سەرانسەری جیهان به ڕێبەری مەزنی خۆی له ناو ببات . ئەمرۆکە راستی و دروستی شێوە و شێواز و بۆچوونەکانی ئیستالین له گۆرەپانی پەیکاری جیهانی پرولیتاریا زیاتر له هەموو کاتێکی تر خۆی نیشان داوه . و خەڵکی چەوساوه به شێوەیێکی بەربلأو ڕێز له یاد و خزمەتەکانی دەگرن . ئیستالین که پاش مەرگی خۆی له بەرانبەر نەیارانی شکستی خواردە بوو ، ئێستاکە پاش ساڵەها دووباره به سەر نەیارانی سەرکەوتن به دەس دێنیٚ .

## بڕووخێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ,

## دامەزرێ کۆماری فیدراتیوی شوورایی !